# کابینەی خوا بدا رۆڵە!!

## نوری بێخاڵی

کاتێك بە دیوی تیۆرییەوە بەرنامەی کاری حکومەتی یەکگرتوو دەخوێنیتەوە و لێی ورد دەبینەوە، گەشبین دەبیت و گومانێکت نامێنێ و دەگەیتە ئەو خۆش خەیاڵی و باوەڕیەی، کە ئیدی لە ئایندەدا ئەم وڵاتە دەبێتە شامی شەریف! بەڵام کە تۆزێك دەگەڕێیتەوە کەشی پڕ موجامەلەی مەراسیمی متمانە پێدانی وەزیرەکان  لە لایەن پەرلەمان و دیمەنی بە کۆمەڵ و بێ نارِەزایی دەستهە لێرینی پەرلەمانتێرەکانی کوردستان دەبینی، کە دەبینی بۆ چوار وەزارەت هەشت وەزیر رادەسپێردرێن، کە بیرت  بە لای ئەوەدا دەچێت زەویەکانی ئەم نیشتمانە وەك کەلاکی تۆپیو  بەشراونەتەوە، کە کۆمیدیای هەرا و زەنای هەندێ هێز و لایەن دەبیستی و خۆیان گێف دەکردەوە و دواتر بە بنکرِەکە و بێ نوقڵە رازی دەبن، ناچار و بێ دەستی خۆت بێتاقەت دەبیت و ناتوانی باوەڕ بە خۆت بهێنی، کە ئەمڕۆ لە دوێنێ و سبەی لە ئەمڕۆ باشتر دەبێت!! ئاخر دیمەنی سەر لەقاندن و ئەشەدوبیلا و دەست بەرزکردنەوەی بێ نارِەزایی پەرلەمانتێرەکان، ئاماژە بۆ پشتڕاست بوونەوەی ئەو پێشبینیانە، کە دەیانگوت ئەو بەڕێزانە نەك ناتوانن  لە وانی پێش خۆیان باشتر و قسەکەر تر بن، بەڵکو دەستە پاچەتر، هەر کوڕ و کچی گۆێڕایەڵ و شەرمن و بێ پرسیار و مەئموری جێبەجێکاری فەرمانەکانی حزبن و سنگ فراوانتر لە وانی پێشوو پەرلەمان دەکەنەوە ماڵی حزب.. لە ناو ئاپۆرەی مەراسیمەکەشدا، کە سەرانی ئەو هێزانەی گوایە رازی نەبوون بە پۆستێك و دووان، کەچی بە سەدەقە و زەکاتی هەردوو هێزەکە (گوایە بە قسەی خۆیان ناویان ناوە ئیستحقاقی ئینتخابی!) شاگەشکە ببوون، وایانکرد هیچ هیوایەکت  بەوە نەمێنێ سبەی ئەم وڵاتە ببێتە گۆڕەپانی لە دایکبوونی ئۆپۆزۆسیۆنێکی جددی و بوێر و راستەقینە، کە ئامادە بێت لە بەرامبەر ئەرك و پەیام و بەرپرسیارێتی موراڵی خواستە کۆمەڵایەتیەکانی خەڵك و چەسپاندنی بنەما سەرەتاییەکانی دیموکراسیەت، دەستەبەرداری هەندێ ئیمتیاز بێت.

 بە دیوەکەی تریشدا، جگە لە لاوازی و ناشارەزایی  لە زمانی کوردی و تەتەڵە کردنی زمانی وەزیرەکان (کە ژمارەیان  بە قەد ئەندامانی پەرلەمانێکە!)  لە کاتی سوێند خواردندا و لێك جیا نەکردنەوەی قورئان و ئینجیل.. وێڕای ئەو کەسەی  لەبەر خاتری خاتران، ئەگەرچی تا بەر لە روخانی بەعس  لە ئاخوڕی (عودەی) دەلەوەڕا و  بە قودرەتی قادر و بۆ موجامەلەی بە یەکەوە ژیان و نوکتەی بنکە فراوانی پێکهاتەی حکومەت بەشی لە هەریسەکە درا.. سەرەڕای دووپاتکردنەوەی هەندێکی تر  لە سوێندەکانیان بەوەی کە دڵسۆزی (گەلْ!) دەبن، نەك (گەل).. لەگەڵ بەردوامی  بەدیکردنی روخساری پیری تەمەن و دونیابینی بیرکردنەوەی هەندێك و ئامادەگی گیان و عەقڵیەتی شاخ و میلیتاری هەندێکی تر..  لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا خۆشترین شت ئەوەیە، کە بە دەگمەن کەسێك دەبینیتەوە ئیرەیی  بە شوێن و کار و پۆستی ئەو وەزیرانە ببات (ئەوە ئەگەر موچە و نەسریە و بەدەل ئازوقە و بن دیوار و تەدارەکەکانی تریان لێ دەربکەی!).

پێدەچێ و بە حوکمی کۆمەڵێك واقیع و پێدراو، زۆرینەی  ئەو بەڕێزانە هێندەی سەرۆك شارەوانیەیان بۆ نەکرێ و لە دەسەڵاتیاندا نەبێت، کە گوایە کاتی خۆی، کاکی سەرۆکی شارەوانی  بە بۆنەی لە دایکبوونی منداڵی خزمێکی نزیکی خۆی، پێی شەرم و شورەیی و بچوکی بووە، پارە یان ئاڵتون یاخود دیارییەکی ئاسایی بۆ ببات، بۆیە لەبەرامبەردا بەسەخاوەتەوە پارچە زەوییەکی پێ بەخشیوە. هەر هیچ نەبێت رەنگە ئەو گریمانەیەمان لە واقعی قات و قڕی زەوییە بەکەڵکەکانی نیشتەجێبوون لەشارو شارۆچکەکان و ئاوابوونی خۆری هیوای سولفەی عەقار و موژدەی شارگەلی خەونەکان و گوندی هاوچەرخ و شوققە مۆدێرنەکانی نیشتە جێبوون راست دەربچێت، ئیدی کە زەوی قات بێ ، شاری خەونەکان و گوندی هاوچەرخ و شوققەی سەردەمی

، لەخەونیشدا میوانی خەڵکی هەژارو لانەوازو بێ نەواو دەرامەت نەبێت، ئەو خەڵکەش بۆ هەر کارێك بەتایبەتی فۆڕمی زەوی و شوققە تەشریف بباتە لای جەنابی وەزیر، رەنگە تەنها تاکە وەلاٚمێکی بەرێزیان بۆ داخوازی ئەو هاولاٚتییە ئەوە نەبێت ، کە پێی بڵێ: خوا بدات ڕۆڵە.. چش لەوەی ئەگەر نەڵێین سێ بەشی، بەلاٚم نیوەی بودجەی مانگی یەکەمی وەزارەت بۆ ڕۆتین و تەدارەکی پیرۆزبایی و گوڵباران و شیرینی بەشینەوە و دیاری ومامەحەمەیی دەستبە کار بوون لە وەسڵی لیژنەی موشتەریات و چی و چی دەبێتە هەڵم و بە هەوادا دەچێت!! بەهەر حاڵ چۆن عەیامێك بە ناوی راپەڕین و نەمانی دیکتاتۆریەت هەواو ئازادیمان کردە پێخۆر و دەمێکیش بەدیار کۆرپەی ئەزمون سکی خۆمان گوشی و ڕیخۆڵەمان وشك کرد، قەیدی چییە ڕۆژگارێکیش بەدیار بووکی ئاشتی و زەماوەندی ئاشتبوونەوە پێ لە بەختەوەری و خۆشگوزەرانی خۆمان و ڕۆڵەکانمان دەنێین و بەدیار حیکمەتی خوابدات ڕۆڵە دەستەو نەزەر دادەنیشین و شوکرانە دەکەین!!

ئێ بە قسەی شەرمنانەی ئەو ڕێژە پەرلەمانتێرانە بێت، لە ژمارە (273)ی هەفتەنامەی هاولاٚتی، گوایە پێش دانیشتن یاداشتیان داوەتە سەرۆکی پەرلەمان، تاکو دەنگدانەکە نهێنی بێت و دواتر بە دەستوری موکەڕەم کرایە دەنگدانی ئاشکرا، ئەگەر وا نەبوا کابینەکە (شکستی دەهێنا!) بەلاٚم ئەوان لە ترسی نان و کورسی! (ببورن نەیانویستووە خۆیان تووشی نارەحەتی بکەن).. قڕ و قەپیان لێکردووە.. لەم نێوەدا و لە نێوان هاوکێشەی حکومەتی حزب و خۆنارەحەت نەکردنی پەرلەمانتێران، هیچی تر شك نابەیت، جگە لە سەر لەنوێ بە قوربانی و بە سوتەمەنی بوونی خواست و داخوازیە کۆمەلاٚیەتیەکانی خەڵك.. لێرەوە هەست دەکرێ خەڵك لە وەلاٚمی هەڵوێستی پەرلەمانتێر و وەزیر تەعین کراوەکان، تەنها دەبێ چاوەڕێی ئەوە بێت، گوێبیستی ئەوە بن: خوا بدا رۆڵە..!

کوردیش دەڵێ: شیردا بۆ داپیردا!!